# تێڕوانینێک لەسەر ئیسلام و سیاسەت

بەشی (1)

کاوە ئەمین

دینی ئیسلام وەکو یەکێک لە ئاینە گەورەکانی جیهان، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئیمڕۆ، کاریگەری لەسەر سیاسەت و گۆڕانکارییەکانی جیهان هەبووە، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا کە زیاتر کارەکتەرێکی سیاسیانەی وەرگرتبوو، ئێستاش بە شێوەیەکی جیاوازتر تێکەڵاوی سیاسەت کراوە بە مەبەستی جیاواز، کە پاشتر باسی لێوە دەکەم.

بە پێچەوانەی ئیسلامەوە، ئاینی مەسیحی لە دوای پەیدابوونی ڕۆشنگەری و پەرەسەندنی پیشەسازی، تا هاتووە لە سیاسەت ڕووتکراوەتەوە، ئەمەش " لە ژێر کاریگەری ئینفیدوالیزم و پلورالیزم و، جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت وەکو پێویستییەک چاوی لێکراوەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافە مرۆییەکان. ئەم داخوزایانە لە ساڵانی 1700 دا لەلایەن ڤۆلتێر و فەیلەسووفەکانی تروە بە دژی کلیسا زیاتر پەرەیان پێدارو، بەرەوپێش بردران".

شۆڕشی پیشەسازی و مۆدێرنە، پایەی تاک (ئیندڤید)یان بەرزکردەوە و وەکو یەکەیەکی دابەشنەکرا و نە پچڕ، جێگای بە خێزان کە پێشتر وەکو یەکەیەکی پیرۆز لێی دەڕوانرا، گرتەوە. هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش بەیەکەوە ڕێگایان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەشەکردنیان بەرەو سێکۆلاریزم، خۆش کرد. ئەو گۆڕانکاریانە، دیوارێکی پتەویان لە نێوان ئێستا و ڕابردوو دا، هەڵچنی ، بە شێوەیەک کە هیچ کەلەبەرێکی وایان بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە نەهێشتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە مەسیحییەت لە ڕۆژئاوا، بە تەواوەتی تەسلیمی هەموو پرنسیپەکانی سێکۆلاریزم بووە، بۆ نمونە بە دەیان پارتی سیاسی کریستیانی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانەدا، نوێنەریان هەیە و نەخشی گرنگیان هەیە لە سیاسەتی ئەو وڵاتانەدا و هەندێک پرنسیپی ئەو دینە بە بنەما دەگرن، بەڵام لە مەسەلەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت بە تەواوەتی سێکۆلارن. جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان پارتە کریستیانەکانی ئەوروپا و پارتە ئیسلامیەکانی دنیا ئیسلام ئەوەیە کە پارتە مەسیحییەکان بەرنامەی تایبەت بە خۆیان بۆ سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانە هەیە، کەچی گرووپە ئیسلامییەکان زیاتر بەدەوری جیهاد و ژیانی دوای مردندا، دەخولێنەوە.
خاڵێکی گرنگ لە سیاسەتی هەر وڵاتێک دا، ئەو پرنسیپ و گەرانتیانەیە کە لە کۆمەڵگای سێکولاردا، ڕاشکاوانە لە یاسی هەمیشەی ئەو وڵاتانەدا باسی لێوەکراوە و ڕوون و ئاشکرا هێڵێکیان بۆ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت کێشاوە و مەجالیان بۆ هیچ کۆمپرۆمیس (سازشێک) نەهێشتوتەوە. لەو یاسایانەدا مافی تاک و کەمینە ئێتنیکییە نەتەوەیی و گرووپەکانی تر پارێزراوە، ئەمە لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا یاسایەکی لەو جۆرە هەبوونی نییە.

وەک دەبینین زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان پەنایان بۆ ئیسلام بردووە و لە ژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەردا، خۆیان شاردۆتەوە کە زۆربەی جار بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان، بە گوێرەی دڵی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ ئیسلام کردووە و دەکەن. نمونەیەکی هەرە بەرچاو، سەددام حسێن و پارتی بەعسە، کە گەلێک جار پەنایان بۆ ئیسلام بردووە بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک و، تەنانەت مەلاکانیان ناچارکردووە بە خۆشی خۆیان یان بە زۆرەملێ کە بەدڵی ئەوان فتوا بدەن، هەڵبەت نمونەی ئەو مەلایانەش زۆرن کە بەرهەڵستییان کردووە و تەنانەت خۆشیان کردۆتە کۆچی قوربانی لە پێناوی پاراستنی ڕاستییەکاندا، بۆ نمونە هەندێک مەلای شعیە لە عێراق کە لەلایەن سەددام و دامودەستگا تۆقێنەرەکانیانەوە کوژران و تیرۆر کران.
بە درێژایی هەزار و چوار سەد ساڵی ڕابردوو، ئاینی ئیسلام کۆمەڵێک کۆڕانکاری تێدا کراوە، کە زۆربەیان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی میرو سوڵتان و پاشانیش، شا و سەرۆککۆمارەکان، کاریان پێکراوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، دژایەتی تەیارەکانی شیعە و سوننی کە لە دوای دەستبەکاربوونی خەلیفەکان، جێگرەکانی پێغەمبەر، هاتە ڕۆژەڤەوە، سەرەتایەک بوو بۆ ئەو دژایەتیانە، کە لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر تیشکیان دەخەینە سەر.

ێبینی: ئەم بابەتە، لە ڕۆژنامەی هەفتانەی (میدیا)ش لە هەولێر بڵاودەکرێتەوە